سەید حەکیم پێشوازی لە بالیۆزی تورکی دەکات و پەیوەندی دوو قۆڵی و زەمانەتی مافەکانی ئاو لەگەڵی تاوتوێ دەکات



بۆنز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی رۆژی 24ی 2025 لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بۆنز ئینیل بورا ئینان بالیۆزی تورکیا لە عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو ولات و چەنیەتی پێشخستنی کرا کە بەشێوەیەك بێت خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو گەلی دۆست و هاوڕێ بکات.

سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە گرنگێ پەیوەندیەکان لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری و هەماهەنگی ڕۆکان لەسەر دۆسیەکانی ناوچەکە پتەو بکرێت و داواشی کرد هەماهەنگی هەبێت سەبارەت بە دۆسیەکانی ناوچەکە و گوتیشی دەبێت عێراق بەشی دادپەروەرانەی خۆی لە ئاوی دیجلەو فورات وەرگرێت و ستایشی ئێرکی هاریکاری هاوبەشی لە بواری بۆڕوبردنی ئاو بکارهێنانی بەشێوەیەکی گونجاو کرد.
هەروەها سەید حەکیم جەختی لە گرنگی سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردەوە و داوای لە وڵاتە گەورەکان کرد هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ڕاگرتن لە گرژیەکان و ئاماژەی بەوەشکرد کە هەر ئاڵوزی و کێشەیەك لە هەر پارچەیەکی ناوچەکەدا دەبێتە هۆکاری پشێوی و گرژی لەهەموو ناوچەکەدا.
لەکۆتایدا سەماحەتی ئاماژەی بە ووداوە سیاسیەکانی ئەم دواییەی عێراق کرد و گوتی عێراق هەنگاوی باشی بەیوە بە بەدی هێنانی سەقامگیری ئەمنی و کۆمەلایەتی وسیاسی و ئەستاش نزیکە لە سەقامگیری هەمیشەیی گوتیشی کرانەوەی عێراق بۆووی ناوچەکە و جیهان لە ئارادا هەیە بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی و مافەکانی پاریزراو بێت.